کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-11-2007 2:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**چەخماخەی ڕقێکی ئەستوور ... خاڵەحەمە**

لەمڕۆکەوە من وەک جاران
ناڕوانمە دەوروبەرم!!
هەرگیز، هەرگیز
کڕنوش نابەم بۆ ژوورسەرم!!
بەهەنگاوی زۆر گەورەتر
هەنگاو ئەنێم!!
دەست و چاوی
دوژمنم بێ
بەئاشکرا پێی لێ ئەنێم!!
لەمڕۆکەوە بێجگە لەکورد
موسڵمانێک خوشکم نییە
موسڵمانێک برام نییە!!
بیرۆکەی کۆن، فڕێ ئەدەم
دستی چەپ و
دەستی ڕاستی خۆم ماچ ئەکەم!!
بۆ ئازادی
چەکێکیتر لەشان ئەکەم
لەبەر دەرگا
کڕنوش نەبا!!
جەنگێکیتر بەرپائەکەم
لەمەیدانا
سەردانەخا!!
شێوەی دەنگیشم ئەگۆڕم!!
شێوەو ڕەنگیشم ئەگوڕم!!
خۆگەر بکرێ
شێوەی ئێسک و
سووری خوێنیشم ئەگۆڕم!!
من نامەوێ لەوان بچم
خۆم ئەگۆڕم
خۆم ئەگۆڕم
دەخیلتانبم ئێوەش وابن
هەموو ڕابن..
لەگەڵ‌گورگی (ئەتاتورک)
لەئەفسانەی کلاوقووچ و
سەدەی بەردین
تەوەلا بن!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەموو ڕابن..
هەموو ڕابن
دەردو ئافات و نەخۆشی
هێرش دێنێ
ڕەزو شاخ و دارووەوەن لەبن دێنێ
مەرگی ناوەختتان بۆ دێنێ
هەریەک، بەردێ
هەریەک، خشتێ
بۆ بناغەی ئەو دیوارەی
بەڕویانا هەڵدەچنرێ
پێشیان ئەگرێ..
هەریەک پاچێ، خاکەنازێ
بۆ لێدانی ئەو سەنگەرەی
لەرویانا ڕائەوەستێ
پێشیان ئەگرێ..
هەموو ڕابن
لەشکرکێشی بابی عالی
و دیوانی شاو
ئاخوندەیە..
چاوی بەدو تۆڵەو ڕقیان لەم گەلەیە
کوللە زەردەی برسی و هارن
ڤایرۆسێکی هێجگارگەورەو
هێجگارقەبەن
ژینگەو سەوزایی تێکدەدەن
گۆڕهەڵکەنەی بەتەمەنی گۆڕستانن
دژی کوردو کوردوستانن..
ئازیزانم
لەمرۆکەوە من وەک جاران
کڕنووش نابەم بۆ خوای ئەوان
خوای خۆم بەکوردی ئەدوێنم
نوێژیش بەکورد ئەخوێنم
دووگوێم نادەم بە منارەوە
بەمینبەرێ
سەرم بەرێ!!
دەستم نادەم بەسەگەلێ
یەخەم بگرێ
پێمبوەڕێ!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-11-2007 2:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

من نامەوێ
لەژێر باڵ و چنگی تیژی
داڵەکانی ئەستەمولْدا
گوڵی باخ و
عەشقی دڵم ئەتک بکرێ
کۆترە سپییەکەی ماڵەکەم
بۆ دوور بفڕێ
نەیەتەوە..
من نامەوێ
ئاخوندەکان
ئاشتی ماڵم لەخوێن وەردەن
بەشیری دوودەمی (عەلی) و
ئەو قەمەیەی (حسێنی) کوشت
خوێنی منیش بکەناکاسە!!
کەسیش نەبێت پێیان بڵێ
لە دیوەخانتان چ باسە!!
بەسە ئیتر من نامەوێ کەڕوکاس بم
شانخوارو ملخواری
گەلحۆکانی شاعەباس بم
سووک ڕیسوای ژێرچەپۆکی
گورگەکانی ئەتاتورک و
ئەعرابەکانی قورعان و
ڕوو زەردەکانی بیابان بم..
بەسە ئیتر بۆ لەمەودوا
ناروانمە دەورووبەرم
هەرگیز، هەرگیز
کڕنوش نابەم بۆ ژوورسەرم
من بەشەرم
من بەشەرم....

خاڵەحەمە/دانمارک/ڤالبی/2007/10/29/28

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.